# ئیسلام ئاینی هەمو پێغەمبەرانی خودایە

شركاء التنفيذ:

دار الإسلام جمعية الربوة رواد الترجمة المحتوى الإسلامي

يتاح طباعة هذا الإصدار ونشره بأي وسيلة مع الالتزام بالإشارة إلى المصدر وعدم التغيير في النص.

Telephone: +966114454900
ceo@rabwah.sa
P.O.BOX: 29465
RIYADH: 11557
www.islamhouse.com

## ئیسلام ئاینی هەمو پێغەمبەرانی خودایە

ئیسلام بریتیە لە تەسلیم وملکەچبوون بۆ خولْقێنەری گەردوون وبەڕێوبەری، وگەردنکەچ بوون بۆی بە خۆشەویستی و بەمەزندانانی، بنچینەی ئیسلام بریتیە لە باوەڕهێنان بە الله، وئەو خولْقێنەرە وهەموو شتێك جگە لە ئەو زاتە ؛ خولْقێنراوە، تەنها ئەو شایستەی پەرستنە بەتەنها وبێ بڕیاردانی هاوبەش لە پەرستنیدا، هیچ یەکێك پەرستراوی هەق وڕاست نییە جگە لە ئەو نەبێت، خاوەنی چەندین ناوی جوان وسیفەتی بەرزە، خاوەن کامڵی ڕەهایە بەبێ هیچ کەموکورتیەك، هیچ کەسی لێ نەبووە و خۆیشی لە کەس نەبووە، هیچ هاوشێوە وهاوتایەکی نییە، تێکەڵ نابێت وبەرجەستە نابێت لە هیچ یەکێك لە خولْقێنراوەکانی.

ئیسلام ئاینی الله یە کە پەیڕەوکردنی هیچ ئاینێك قبوڵ ناکات لە خەڵکی جگە لە پەیڕەوکردنی ئەم ئاینە نەبێت، وئەم ئاینە هەموو پێغەمبەران پێی هاتوون -علیهم السلام-.

لە بنچینەکانی ئیسلام : باوەڕهێنانە بە هەموو پێغەمبەران، خوای گەورە پێغەمبەرانی ڕەوانە کردووە بۆئەوەی فەرمانەکانی بگەیەنن بە بەندەکانی وچەندەها کتێبی بۆیان دابەزاندووە، وکۆتا پەیامبەر موحەمەدە -صلی الله علیه وسلم-، الله ناردی بە شەریعەتێکی خودایی کە هەڵوەشێنەرەوەی هەموو شەریعەتەکانی پێشووە، وچەندەها نیشانە وئایەتی مەزنی پێبەخشی، کە مەزنترینیان بریتیە لە قورئانی پیرۆز، وتەی پەروەردگاری جیهانیانە، مەزنترین کتێبە کە مرۆڤایەتی ناسیبێتی، موعجیزەیە لە پێکهاتە ودەربڕین وڕێکخستەیدا، هیدایەتی تێدایە بۆ ئەو هەقەی کە مرۆڤ دەگەیەنێت بە بەختەوەری لە دونیا وقیامەتدا، هەتاوەکو ئەمڕۆ پارێزراوە بە ئەو زمانەی پێی دابەزیووە ئەویش بریتیە لە زمانی عەرەبی، تەنانەت پیتێکیشی لێ نەگۆڕدراوە ودەستکاری نەکراوە .

لە بنچینەکانی ئیسلام : باوەڕهێنانە بە فریشتەکان، وباوەڕهێنان بە ڕۆژی قیامەت کە لەو ڕۆژەدا خوای گەورە خەڵکی زیندوو دەکاتەوە لە گۆڕەکانیان ؛ بۆئەوەی لێپرسینەوەیان لێبکات لەسەر کردەوەکانیان، هەرکەسێك ئیماندار بووبێت وکردەوەی چاکی کردبێت ئەوا نیعمەتی نەبڕاوەی بۆ هەیە لە بەهەشتدا، وئەوەی کافر بووبێت وکردەوەی خراپەی کردبێت ئەوا سزایەکی قوس دەدرێت لە دۆزەخدا، ولە بنچینەکانی ئیسلام: باوەڕهێنانە بە قەزا وقەدەری خوای گەورە لە خێر وشەڕ.

مسوڵمانان باوەڕیان وایە کە عیسا بەندە وپێغەمبەری خودایە، وکوڕی خودا نییە ؛ چونکە خوای مەزن ناکرێت هاوسەر ومنداڵی هەبێت، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز باسی ئەوەی بۆمان کردووە کە عیسا پێغەمبەری خودا بووە، والله موعجیزەی زۆری پێبەخشیوە، وڕەوانەی کردووە بۆ بانگەوازی کردنی قەومەکەی بۆئەوەی الله بپەرستن بەتەنها بێ بڕیاردارنی هاوبەش لە پەرستنیدا، وپێمانی فەرمووە کە عیسا داوای لە خەڵکی نەکردووە بیپەرستن بەڵکو ئەو بەتەنها پەروەردگاری دەپەرست.

ئیسلام ئەو ئاینەیە کە گونجاوە لەگەڵ سروشت وفیترەت وئەقڵی سەلامەت، ونەفسە ڕێکەکان قبوڵی دەکەن، خوای گەورە شەرعاندوویەتی بۆ خوڵقێنراوەکانی، ئاینی خێر وبەختەوەریە بۆ هەموو خەڵکی، جیاوازی ناکات لەنێوان نەتەوە وڕەگەز وڕەنگەکەکان، خەڵکی تێیدا یەکسانن، لە ئیسلامدا هیچ یەکێك باشتر نییە لە یەکێکی تر مەگەر بەپێی کردەوەی چاك نەبێت.

واجبە لەسەر هەموو مرۆڤێکی ئاقڵ باوەڕ بە الله بهێنێت وەکو پەروەردگاری، وباوەڕ بە ئیسلام بهێنێت وەکو ئاینی، وباوەڕ بە موحمەد بهێنێت وەکو پێغەمبەری، مرۆڤ هیچ بژاردەیەکی نییە لەمەدا ؛ چونکە خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا پرسیاری لێدەکات چۆن وەڵامی پێغەمبەرانی داوەتەوە، ئەگەر ئیماندار بووبێت ئەوا سەرفرازی وبردنەوەیەکی مەزنی بۆ

هەیە، وئەگەر کافر بووبێت تووشی دۆڕان وخەسارۆمەندیەکی ئاشکرا دەبێت.

ئەوەی دەیەوێت بێتە نێو ئاینی ئیسلامەوە ؛ ئەوا دەبێت بڵێت: (أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمدًا رسول الله) واتە: (شاهێدی دەدەم هیچ پەرستراوێك شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لە الله وشاهێدی دەدەم موحەمەد پێغەمبەری خودایە)، وزانا بێت بە ماناکەی وباوەڕی پێی هەبێت، بەم شێوەیە دەبێتە مسوڵمان، پاشان هەنگاو بە هەنگاو دەبێت فێری ڕێسا وڕێنماییەکانی ئاینی ئیسلام بێت ؛ بۆئەوەی ئەو شتانەی خودا واجبی کردووە لەسەری جێبەجێیان بکات.

بۆ زانیاری زیاتر: byenah.com